کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەرەو کۆنگرە ی سێ ی یەکێتی ... ئارام عبداللەعلی کانی مارانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مێژووی 32 ساڵەی پڕسەروەری خۆیدا کۆمەڵێك سەروەری گەورەی بۆخۆی تۆمارکردووە. لەشۆرشی بەرە نگاری داگیرکەرانی کوردستان بەخەبا تی چەکداری و دواتر ڕاپەرینی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم وبەرێوەبردنی کوردستان بەهەموو کەم و کوریەکانەوە، لەهەموو ئەمانەدا یەکێتی سەروەری خۆی تۆمارکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر حزبێك بیەوێت بەزیندوویی بمێنێتەوە بەتایبەتی لەقۆناغی شاردا حوکمڕانی خەڵکی بکات ناکرێت لەسەر سەروەریەکان و مێژووەکەی بژیت و گەشە بەخۆیبدات ئەگەرلەبازنەیەکی داخراودابخولێتەوەو گۆرانی ریشەیی بەپی ی قۆناغەکانی دێنە پێشەوەلەپێرە ووپرۆگرامی خۆیدا نەکات حزبیش لە مێژووی خۆیدا گرنگ نی یە چەند کۆنگرە دەبەستێت بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەند گۆرانکاری و چاکسازی لەخودی حزبەکەدا دەکات، یەکێتی راستە لە مێژووی 32ساڵەی خۆیدا تەنیا دوو کۆنگرەی بەستووە بەلام وەك دەزانین یەکێتی تا ساڵی 1992لە چەند باڵێك پێك هاتبوو هەرباڵەو بەجیا چەندین کۆنفرانسی خۆی بەستووە.

یەکێتی لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە2007/6/4بڕیاری بەستنی کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی بڕیارێکی بوێرانەیە بەڵام بی گرفتیش نیە، بەتایبەتی یەکێتی کۆمەڵێك مەسەلەو بابەتی جیاجیای لەسەر کۆبۆتەوە هەر لە یەکخستنی باڵە جیاوازە کان لەساڵی 1992لەکۆنگرەی یەکەم و دواتر قۆناغە جیاجیاکا نی شەڕی ناوەخۆو بەستنی کۆنگرەی دووەم لەساڵی 2001 لەبارودۆخی نائاسایی کوردستان کەلە بەشێکی زۆری کوردستان بارە گا حزبیەکانی یەکێتی بوونیان نەبوو، وە رژێمی پێشووی عێراقیش هێشتا لەسەر حوکم بوو، هەموو ئەمانەو چەندین بابە تی تر کە جێگەی باسکردنی نیە لە ناو یەکێتی بو تە مەسەلەو بابەت، دواتر ڕووخانی رژێمی عێراق و بەشداربوونی سەرکردایەتی کوردی و بە تایبەتی یەکێتی لەحوکمڕانی عێراق و یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەی کوردستان، دیسان ئەمانەش بابەت و مەسەلەی ترن لە ناو یەکێتی کە جێگەی باس و خواستی جدین و ناکرێت وەك بابەتێکی سادە باسیان لێوە بکرێت، لە کاتێکدا یەکێتی بڕیاری کۆنگرەی سێیەمی داوە کۆمەڵێك کێشەی ناوەخۆیی کەڵەکە بوونە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کەلەپێشەوە باسمان کرد، ناکرێت کۆنگرەی سی لایەنی کەم گەر چارەسەری بنەڕە تی کێشەکانیش نەکات بەڵکو دەبێت رێگە چارەی کێشەکان دیاری بکات، ئەگینا کۆنگرەی سی بەکۆنگرەیەکی سەرکەوتوو نازانرێت، کەوا زۆربەی هەرە زۆری خەڵك و کادیران و ئەندام ولایەنگرانی یەکێتی بە ئومێدەوە دەڕواننە ئەم کۆنگرەیە بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لە گەندەڵی و خراپ رەفتارکردنی هەندی بەرپرسی هەڵپەرست بێتاقەت بوونە لە حزبایەتی.

هەر لەبەر رۆشنایی ئەم پێشەکی یە کورتەئەگەر لە کۆنگرەی سی چارەسەری هەردوو کێشەی گەندەڵی و دەستەگەری نەکرێت هەوڵەکان بی سوود دەمێننەوە.

جا بۆیە وەك پێشمەرگەیەکی دێرین و کادیرێکی یەکێتی و دڵسۆزێکی حزبی شەهیدان بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم بۆ کۆنگرەی سی ئەم سەرنج و تێبینیانە بخەمەروو:

یەك/ پێویستە پەیرەووپرۆرگرامی یەکێتی بەر لە بەستنی کۆنگرە ئاما دە بکرێت بۆ ئەوەی لە ناو کۆنگرە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە خاڵەکانی پەیرەووپرۆگرامەکە تاوتوێ بکرێت و دە نگی لەسەر بدرێت و بەجۆرێکی وابێت کە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و فیکری ئێستای جیهان بگونجێت و هەمەلایەنە بێت بۆ بارودۆخی کوردستان و عێراق شیاو بێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی رۆژانەی ئەندامان توشی لادان نەبن لەپەیرەوی ناوەخۆی یەکێتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوو/کارکردن بەپەیرەووپرۆگرامی حزبی:وەك دەبینرێت کەکاری زۆر نێگەتیڤی کردۆتە سەر ژیانی حزبی لەناو یەکێتی. ئەویش کارنەکردنی ئەندامانی حزبیە بە پەیرەووپرۆگرامی یەکێتی، بەتایبەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەست وەردان لە ئۆرگانەکانی حزبیی بە پێ ی میزاجی دەستەگەری کە کاریگەری خراپی بەسەر یەکێتی بە جێهێشتووە.

سی/نەهێشتنی دەستەگەری و ناوچەگەری: ئەوەی کەلەدوای کۆنگرەی دووی یەکێتی و دواتر پلنیۆم زەقتر بۆتەوە دیاردەی دەستەگەری و ناوچەگەریی و گەندەڵی بەرپرسانی باڵای حزبە بەتایبەتیش لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی مەڵبەندەکان دەرکەوت، پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و چارەسەری ریشەیی بۆ دابندرێت.

چوار/مەکتەبی رێکخستن: بەکۆڵەگەی گەشەکردن و پێشکەو تنی یەکێتی دادەنرێت، بۆیە دەبێت ئەم مەکتەبە بکرێتە چالاکترین مەکتەب بەوەی کەوا حەوت کارگێری لێوەشاوەو شارەزای بواری رێکخستنی بۆ دابندرێت و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە شارەزایی بواری رێکخستنی هەبێت بکرێتە بەرپرسی و بەروحێکی یەکێتیانە ئیش بکات و دوور لە دەستەگەری و ناوچەگەری.

پێنج/مەکتەبی رێکخراوەکان بەجۆرێك بێت ببێتەچەتری رێکخراوە پیشەیی ودیموکراتی وسەند یگا کان، بەجۆرێك کەوا رێنوێنی وئاراستەکەری رێکخراو و سەندیگا کان بێت و دەست نەخا تە ناو کاروباری رێکخراوەییان، وە هەر رێکخراوێك پابەندبێت بەبەرنامەی کاری رێکخراوە یی ونوێنەری ئەو چین وتوێژە بن کەخۆیان بە نوێنەری دەزانن، وە پێویستە رێکخراوە کان بەتایبەتی خوێندکاران ولاوان وژنان....، هتد، زیا تر چالاك بکرێن ولە ئاستی داواکاری توێژە کا نیان بن.

شەش/مەکتەبی راگەیاندن: مەکتەبی راگەیاندن لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە شارەزایی کاری راگەیاندنی هەبێت و سەرپەرشتی بکرێت و 4 تا 6 ئەندام مەکتەبیش هەبێت وکەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی بەجۆرێکی سەردەمییانە ئاراستە بکرێن.

حەوت/مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی: ئەو مەکتەبە لەلایەن ئەندامێکی کارگێری مەکتەبی سیاسی یان جێگرێکی سکرتێری گشتی سەرپەرشتی بکرێت لەگەڵ 6تا 8ئەندام مەکتەبی شارەزای بواری ئیدارەودارایی، وە هەرچی داهات و موڵکی حزبی هەیە لەلایەن ئەو مەکتەبەوە چاودێری و سەرپەرشتی بکرێت، بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکاربێت نەك شەخسی کە لەهەر ئاستێك بێت، وەهەر بەرپرسێکی حزبی بە شێوەی ناشەرعی و نارە وا لەسەر حسابی حزب بوتە خاوەن سەرمایەکی زۆر بە پێ ی دانانی لێژنەیەکی پسپۆرو حزبی زیا تر لە نیوەی ئەو سەرمایەی لێبستێندرێتەوەو بخرێتە سەر حسابی مەکتەبی دار ایی گشتی و سزای یاسایش بدرێت، وە هەر چەندی لە توانایدایە کۆمپانیاو دەزگای وە بەرهەم هێنانی سەرمایە بۆ حزب دروست بکات بەشێوەیەکی شەرعی، چونکە ئەو میزانیەی کە لە حکومەت بۆ حزبەکان تەرخان دەکرێت بەشی حزب ناکات، بە تایبەتی لەکاتێکدا حزب وحکومەت بە تەواوی لەیەکتر جیابکرێنەوە.

هەشت/مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە: لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بکرێت کەشارەزایی هەبێت لە بواری دبلۆماسیەت و علاقات وە 6ئەندام مەکتەبی شارەزای هەبێت، دانانی نوێنەرەکانی یەکێتی لەدەرەوە لەئەستۆی ئەو مەکتەبە بێت دوای راوێژکردن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، ئەو کەسانەی کە دەبنە نوێنەری یەکێتی لەدەرەوە کەسانی شارەزاو پسپۆری بواری دبلۆماسیەت بن وە هیچ نوێنەرێك ئەندامی سەرکردایەتی نەبێت چونکە ناتوانێت وەك پێویست لەکۆبونەوەکانی سەرکردایەتی ئامادەبێت، وەهەروەها هیچ نوێنەرێکی حکومەتی هەرێم لەهەمان کا تدا نوێنەری یەکێتیش نەبێت لەدەرەوە بۆ تێکەڵ نەکردنی کاری حزبی وحکومی، وەهەروە ها بارەگای مەکتەبەکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەکوردستان بێت، وەلەهەمان کاتدا پەیامنێرێکی ڕاگەیاندن لەنوێنەرایەتیەکان هەبێت بۆ گەیاندنی کاروچالاکیەکان.

نۆیەم/مەکتەبی بەدواداچوون وچاودێری:لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بکرێت و6 ئەندام مەکتەبی شارەزای هەبێت کەلەکەسانی دڵسۆزو دەست و دەم و داوێن پاك پێك هاتبن، وەچاودێری بەسەر هەموو دەزگاکانی یەکێتی وبەرپرسا نی حزبی بکەن لەهەرشوێنێك و دەزگایەك بەرپرسێکی حزبی هەڵەیەك یان کارێکی خراپی ئەنجامدا کە بێ یاسایی بوو سزای ئەو بەرپرسە بدەن لەهەر ئاستێك بێت بەبی جیاوازی، وەلەهەموو مەڵبەندەکان سندوقی سکاڵا بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەندامان و خەڵك لەهەر دەزگایەکی حزبی گلەییان هەبێ لەرێگەی ئەم سندوقە بگاتە ئەم مەکتەبە.

دە/ هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی:سکرتێری گشتی دوای یەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بە دەنگدانی نهێنی بەلانی کەم بەکۆی2/3 ی ئەندامان هەڵبژێردرێت وە سکرتێری گشتی 2تا 3کۆنگرە بۆی هەبێت خۆی هەڵبژێرێت و دوو جێگریشی هەبێت کەلەلایەن یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە هەڵبژێردرێن، وە رە چاوی ئەوە بکرێت کەسکرتێری گشتی وجێگرەکا نی بەیەکەوەپۆستی حکومی وەرنەگرن، وەپێویستەسکرتێری گشتی یان جێگرەکانی رۆژانە لە مەکتەبی سیاسی دەوام بکەن بۆ راییکردنی کارە حزبییەکان.

یانزە/مەکتەبی سیاسی: بەپێ ی بارودۆخی کوردستان وعێراق لە کۆنگرەیەك بۆ کۆنگرەیەکی تر ژمارەی ئە ندامانی بگۆڕێت بەپێ ی پێویستی، بۆ ئیستا لەنێوان 20تا 25 ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەبێت بۆئەوەی کەبتوانن کارەکانی حزبی وحکومی بەبی تێکەڵ بوونی کارەکان بەرێوەبەرن، وەە دەستەی کارگێری لە سی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێك بێت و یەکێکیان بەرپرسی دەستەی کارگێری بێت، وە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی دوو پۆستی نەبێت.

دوانزە/کۆمیتەی سەرکردایەتی:کە بالاترین دەسەلاتی یەکێتی یەپێویستە لە نێوان دوو کۆنگرە لەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هیچ ئەندامێك بە تەزکیە دانەنرێت لەژێر هەر بیانوویەك بێت، هەر ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەبی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست بێنێت لەدەنگی پێویست بۆبوونە ئەندامی سەرکردایەتی، وەرەچاوی باری تەندروستی و ئاستی بروانامەوئاید ۆلۆژ یەتی حزبی بکرێت لەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، وەنابێت هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی خەریکی کاری بازرگا نی بن، وە بەلانی کەم کۆمیتەی سەرکردایەتی هەر دوومانگ جارێك کۆبێتەوە یان بە پێ ی پێویست لەکاتی نائاسایی کۆببێتەوە بۆوەرگرتنی بریاری شیاوبۆ ڕوداوەکان.

سیانزە/بەرنامەی یەکێتی بۆزیا تر هێنانە پێشەوەی گەنجان وژنان لەسەرکردایەتی، بەر لە کۆنگرە کارێکی وا بکرێت کەوا ژمارەیەکی باش لەژنان وگەنجان کە لێوەشاوەو شا یستەبن و ئامادە بکرێن کەوا لە کۆنگرە بگەنە سەرکردایەتی نەك هەر بۆ ناو دابنرێن بەڵکوو پشتگیرییان بکرێت بەتوانای خۆیان سەربکەون بۆسەرکردایەتی، گەر بکرێت بەر لەبەستنی کۆنگرە کۆنفراس ببەسترێت بۆ گەنجان و ژنان گەرجی کۆنفرانسی ژنانی ناو یەکێتی بەسەرپەرشتی مەکتەبی سیاسی بەسترا، بەئومێدین ئەنجامی باشی هەبێت بۆکۆنگرە، بەهەمان شێوە کۆنفراسێك بۆ گەنجانیش بکرێت بەمەبەستی زیادبوونی ژمارەی گەنجان لەسەرکردایەتی.

چواردە/کردنەوەی مەکتەبی نوی بۆمەبەستی چاودێری کردنی کاری بەرپرسەکا نی یەکێتی لەحکومەت و کارەکانی حکومەت بەگشتی، بەوەی کا تێك بەرپرسێکی یەکێتی لەحکومەت لە هەر پلەیەك بێت کەخەڵك لێ ی نارازیبێت و کەم و کووڕی هەبێت لەو مەکتەبە بانگ بکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکرێت، وە هەروەها ئامادەکردنی پرۆژەو داواکاریەکا نی خەڵك بۆ حکومەت کەوا لەرێگەی نوێنەرانی یەکێتی لەپەرلەمانەوە بدرێت بە پەرلەمان و دواتر بدرێت بە حکومەت بۆ جێبەجێکردن، بۆزیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

نوسینی
ئارام عبداللەعلی کانی مارانی
2007-11-5
aram_kanymarany2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.